ئێران ئەنجامی لێکۆڵینەوەی رووداوێکی بەندەری شەهید هەجایی بڕاوکردەوە

حکومەتی ئێران ئەمڕۆ دوشەممە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی رووداوێکی بەندەری شەهید هەجایی بڕاوکردەوە

ڕاشیگەیاند، تەقینەوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیلەوە نەبوە و لە ئەنجامی "کەمتەرخەمی مرۆیی" بوە.

فاتیمە موهاجەرانی وتەبێژی حکومەتی ئێران لە لێدوانێکدا رایگەیاند، لێکۆڵینەوە فەرمییەکان هیچ تێکدەرێکیان لە پشت ڕوداوەکەی بەندەری شەهید هەجاییەوە نەسەلماندوە، دەسەڵاتداران دو کەسیان دەستگیرکردوە بەهۆی کەمتەرخەمیەوە ئەوانەوە کارەساتەکە رویداوە.

سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکرێن کە لە پشت تەقینەوەکانەوە بوبێت، وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاشکرایکرد، ئێران لە لێکۆڵینەوەکانیدا بابەتی ئەمنی هەت ناکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی نەدەزیوەتەوە کە تۆوەگلانی ئیسرائیل یان هیچ لایەنێکی دەرەکی لە تەقینەوەکەی ئەم دواییە بسەلمێنێت".

ئەوەشیخستەڕو، ئەران پشتر توشی "ئەپەراسیۆنی تیرۆریستی ئابوری و زانستی بوە، کە بوە هۆی تیرۆرکردنی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی ئەتۆمی، بەڵام تاران بە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکات و پشت بە توانا بەهێزەکانی بەرگری و ئەمنی دەبەستێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ئەگەری".